# خوێندکاران و خێمەکانیان

**عەزیز ڕەئووف**
azizrauf2003@yahoo.com



**"گەر ئەمڕۆ کۆتایی بە مانگرتن نەهێنن ئیجرائاتی یاسایتان لەگەڵدا دەکەم، ئەوەتا پۆلیس لە تەنیشتمەوە دانیشتووە"**

**دانا ئەحمەد مەجید**

ئەم قسەیەی پارێزگاری سلێمانی هەڕەشەیە لە خوێندکاران، هەڕەشە بەوەی کە ئامادە نیم گوێتان لێبگرم و گەر شەقامی سالم چۆڵ نەکەن، ئەوا ڕێگەی تر هەیە بۆ بەزۆر چۆڵکردنی شەقام ، ئەویش هێزی پۆلیسە. ئەمە جاری یەکەم نیە کە دەسەڵات هەڕەشە لە گەنجەکان دەکات. لە خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی دوو ساڵ لەمەوبەری هەردوو شارۆچکەی کەلار و هەڵەبجە هەمان سیناریۆ دووبارە بۆوە و زۆرێك لە گەنجە یاخیەکانی ئەو دوو شارۆچکەیە هەڕەشەیان لێکرا و دەستگیرکران. ئەمە لەکاتێکدا زۆرێك لە داخوازی ئەو دوو شارۆچکەیە ڕەوا بوون.

"پۆلیس لە تەنیشتمەوە دانیشتووە"، ئەم دەربڕینە هیچ مانایەك بۆ دیالۆگ و گەیشتنە ئەنجامێك لە نێوان جەنابی پارێزگار و خوێندکارانی مانگرتوودا ناهێڵێتەوە. تەنانەت هیچ مانایەك بۆ گوێگرتنیش ناهێڵێتەوە، لە کاتێکدا گەر گەنج لە لایەن دەسەڵاتەوە گوێی لێنەگیرا ئەوا بێشك ئەو نەوەیە ئینتیمای خۆیان بۆ ئەو دەسەڵاتە دەدۆڕێنن.

خوێندکاران ماوەیەکە بۆ داکۆکیکردن لە خواستەکانیان نیگەرانی خۆیان بەرامبەر بە بەرپرسان دەردەبڕن. هەندێ جار شەقامەکان دەگرن و ڕێگەی ئۆتۆمبێل کۆنترۆڵ دەکەن و هەندێ جاریش لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتیەکدا خێمە هەڵدەدەن و بە موکەبەرە هاوار دەکەن و دروشمەکانیان دەڵێنەوە.

ئەم نەوەیە ئەزموونیان لە نارەزایی و خۆپیشاندانەکانی کەلار و هەڵەبجە وەرگرتووە بەوەی کە نایانەوێت خوێن بکەوێتە نێوان گەنجان و دەسەڵاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو ئەزموونەشیان وەرگرتووە کە بە مانگرتن و نارەزایدەربڕین بە فۆرمێکی نەرم و نیانیش دەسەڵات گوێیان لێناگرێت.

سەرباری ئەم کردەوانەی خوێندکاران، لە خوێندکارانی زانکۆوە بۆ پەیمانگاکان و لەوێشەوە بۆ خوێندکارانی ئامادەییە پیشەییەکان بێشك بۆ ئەوەیە کە بەرپرسان بۆ چرکەساتێکیش بێت گوێیان لێبگرن، بەڵام نارەزایی خوێندکاران بۆتە شتێکی تەواو ڕۆتین لای دەسەڵات و دەزانن ئەم جۆرە نارەزاییانە هیچ مەترسیەك بۆ سەر دەسەڵاتیان دروست ناکات بۆیە کەمتەرخەمیەکی تاواو دەبینین لە گرنگیدان بەم نارەزاییانە و قەلەقنەبوون بەوەی کە نەوەیەك هەیە دەیەوێت بە نەرمونیانی داخوازیەکانیان جێبەجێ بکرێت.

نیگەرانیەکانی خوێندکاران لەم وەرزەدا نیگەرانیەکی تەواو دەستەجەمعیە. نیگەرانیەکە بە فۆرمێکی تەواو بێ توندوتیژی و نەرم و نیان بەجۆرێك کە دیاردەیەکی تەواو شارستانیە. بەڵام سەرباری ئەوە خوێندکاران باش دەزانن بەم فۆرمە لە نارەزایی و مانگرتن بۆ چرکەیەکیش بەرپرسانی ئەم وڵاتە قەلەق ناکات. ئەوەی کە لەم هەفتەیەدا دەبینرێت نارەزایی و مانگرتنی خوێندکارنی ئامادەییە پیشەییەکانە لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی. ئەم نەوەیە لە گەنجان نەوەی دوای ڕاپەڕینی ئێمەن، نەوەیەکن بۆ چرکەساتێکیش بێت دەسەڵاتی بەعسیان نەبینیوە. ئەم نەوەیە قەلەقە بەرامبەر بە ئایندەیان کە ئایندەیەکی تەواو نادیار و لێڵە. نەوەی دوای ڕاپەڕین کە لە چرکەساتی ئیستەماندا گەنجە خوێنگەرمەکانن کە باش لەو ڕاستیە گەیشتوون کە دوای ڕاپەڕین سەردەمێکی تەواو تاریك و لێڵە بۆ گەنجان و سەردەمی گوێنەگرتن و فەرامۆشکردنیانە.

ئەم خوێندکارانە ماوەیەکە لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی خێمەیان هەڵداوە و دروشم بە دەنگی بەرز دەڵێنەوە،

ئەمە لەکاتێکدا بەرپرسانی بواری پەروەردە لە ژوورەوە دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن و قەلەق نین بەوەی کە سەدان خوێندکار بە سەرما و سۆلە لەبەردەمی دەرگاکەیاندا چاوەڕێی وەلامن.

بەبۆچونی من لەدوای مانگرتنی خوێندکارانی کۆلێژی بنەڕەتی بۆ ماوەی دوو مانگ لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و جێبەجێنەکردنی داخوازیەکانیان، بەرپرسانی ئەم ولاتە فێر بوون لەوەی کە داخوازی خوێندکاران جێبەجێ نەکەن و دەزانن گەر خوێندکارانی ئامادەییە پیشەیەکانیش سەدەیەك لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە مان بگرن هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت و دەرئەنجام هەر دەبێت مانگرتنەکە بشکێنن. دەسەلاتی کوردی ئەو ڕاستیە باش دەزانێت کە گەنجان نەبوونەتە ئەو فشارەی کە مەترسی دروست بکەن، باش دەزانن دوای ڕاپەڕین دۆخێکی تەواو ئالۆزە بۆ بوونی گەنجان وەك بوونێکی دەستەجەمعی و یاخیبوون.

گەنجە تورەکانی بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە باش دەزانن گەر قەرنێکی تریش مان بگرن دەسەلات ئامادە نیە داخوازیەکانیان جێبەجێ بکات. بۆیە بەبڕوای من ئەم دۆخە لای خوێندکاران دۆخێکی تەواو نالەبارە، دۆخێکە کە گەنجانی ئەم ولاتە منمانەی خۆیان بە دەسەلات لە دەست دەدەن و لەوەها سەردەمێکیشدا ئەم دیاردەیە تەواو ترسناکە.

سەرباری ئەوەش لە دۆخێکی ئاوادا دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بکەین کە گەر دەسەلاتێك نەبێت گوێ بۆ نەوەکانی بگرێت دەرئەنجام سپەیسی نێوان گەنج و دەسەلات تادێت فراوان دەبێت و گەر نیگەرانی گەنجیش لە دەسەلات دروست بوو، ئاشتبوونەوەی هەروا سانا نیە.